# تیئۆری و مێژووی حزبایەتی و رێکخراوی کرێکاری

## بەشی 3

کاری رێکخستن لە سەردەمی ئێمەدا واتە سەرەتای سەدەی 21 یەکێک لە پێشکەوتووترین کار و پیشەکانە. کەسی ئۆرگانیزاتور دەبێ لە زۆر لە بەشەکانی رێکخستندا نە تەنیا شارەزا بێت، بەڵکوو دەبێ بتوانێ شارەزاییەکەی لە کاتی پێویستدا بەکار بهێنێ. یەکێک لە دژوارترین رێکخستنەکانی سەردەمی ئێمە رێکخستنی سیاسی و حزبی و حکومەتییە کە دەبێ لە گەڵ ئاڵوگۆڕە خێراو چاوەڕواننەکراوەکاندا بگونجێ. جگە لە رێکخستنەکانی سیاسی، رێکخستنی تیجاری و بازرگانی و ماڵی لە حەساسترین رێکخستنەکان بە حیساب دێن. مان و نەمانی دەزگایەکی ماڵی و هەست و نیستی مادی وڵاتێک و خەڵکەکەی گرێدراوی کاری ئەو رێکخراوانەن کە دەتوانێ چارەنووسی بە ملیۆن کەس دوچاری کارەسات بکات یان بە پێچەوانە ژیانی کەسان بەرەو باشتربوون بەرێت.
بە هەمان ئەندازە رێکخستنەکانی جەماوەری لەو سەردەمەدا دەوری چاک و خراپی خۆیان دەتوانن بگێڕن. بۆ رێکخراوێکی سیاسیش دەبێ ئەوە روون بێ، چارەنووسی کۆمەڵە خەڵکێک یان وڵاتێک یان نەتەوەیەک دەتوانێ گرێدراوی چارەنووسی یەک رێکخراو یان چەند رێکخراوە بێت، کە ئەوە لە کورد قەوما و چارەنووسی میللەتێک لە هەر چوارپارچەی کوردستان گرێدراوی چارەنووسی تەشکیلاتی چەند حزبە، لێکدانەوەی مێژووی کار وچالاکی و بیروهزر و سیاسەت و فورمی تەشکیلاتی و ژیانی ناو هەر کام لەو حزبانە، یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی مرۆڤی تێگەیشتوو و سیاسی کۆمەڵگای ئێمە و ناوەندەکانی زانستییە.

کاتێک ئێمە باسی رێکخراوی سیاسی دەکەین دەبێ بزانین سیاسەت چییە و رێکخراوی سیاسی کە بە حزب یان پارتی ناودێرکراوە چییە. لە (لیکسیکۆنی سیاسەت بە زمانی ئاڵمانی وئینگلیسی دا)! ئاوا باس لە سیاسەت کراوە:

**سیاسەت**
هەموو هەڵویست و ئاکاری تاکە کەس و رێکخراو لە پێناوی ئامانجێکی دیار بۆ دامەزراندنی فورمێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی, دەوڵەتی, دەبێتە پێناسە بۆ سیاسەت. ئەرکی سەرەکی سیاسەت رابەریکردن و دابین کردنی نەزمی دەوڵەتیە لە ناوخۆی وڵاتدا.(سیاسەتی ناوخۆ) و هەروەها نوینەرایەتی کردن و دامەزراندنی پەیوەندیە لە گەڵ دەوڵەتانی تردا, واتە (سیاسەتی دەرەوە). بەشێکی سەرەکی سیاسەت وەدەست خستنی دەستەڵاتە بۆ چەسپاندنی ئەو بایخ وئەرزش و تێروانین و مەبەستانە کە باوەری سیاسی پێک دەهێنێ.

**حیزب**

حیزب یەکگرتنێکی تاکە کەسییە لە سەر بنەمای جیهانبینی سیاسی هاوبەش.
لە دێموکراسییەکی پارلەمانیدا حیزبەکان, *نوێنەرایەتی* خەڵک و ویست وداواکانیان دەکەن. مەبەستی حیزبەکان ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرترین دەنگ بۆ لای خۆیان رابکێشن هەتا لە پارلەماندا ، بۆ جێ بەجێکردنی سیاسەتەکانیان ، هێزی بریاردەر بن.
لە وڵاتی سویس لە هەر سەد کەس 42 کەس ئەندامی حیزبەکانی سیاسین و چالاکن, ئەم رێژەیە لە ئاڵمان تەنیا سێ(3) کەسە! ( لیکسیکۆنی نوێی سیاسەت بە زمانی ئاڵمانی )!

<u>دیکتاتۆری حیزبی</u>
فۆرمێکی دەستەڵاتداریەتییە کە لەوێدا تاقە حیزبێک(مۆنۆپۆل پارتای) زۆرداری گشتی دادەسەپێنێ, ئەم حیزبە رابەرایەتی دەوڵەت دەکا و گرینگترین پۆستەکانی وڵات لە دەست خۆیدا قەبزە دەکات.
( لیکسیکۆنی نوێی سیاسەت بە زمانی ئاڵمانی )

<u>دەفتەرچەی حیزبی</u>

دەفتەرچەی حیزبی بە مانای بەڵگەنامەیەکە بۆ ئەندام بوون لە حیزبدا. ( لیکسیکۆنی نوێی سیاسەت بە زمانی ئاڵمانی )

جگە لەم تێرمانە دیسپلینی حیزبی, مەسەلەی ماڵی وپوڵی حیزب, قانوونی حیزبەکان, بەرنامەی حیزب, یارمەتی ماڵی, کۆنگرەی حیزبی,یاساخ کردنی حیزبایەتی, ئۆرگانی حیزبی وگەلێک بابەتی تر باسی گرنگی تایبەت بە حزبایەتین کە لە ئەدەبیات و قانوونی ئەحزابدا باسیان لێوە کراوە و دەیان دەزگا و ئاکادیمی و ئەنستیتۆ کاریان تایبەتە بە باس و لێکدانەوە لە سەر هەرکام لەو تێرمانە.

**چەند روانگەیەکی تر لە سەر حزبایەتی**

**حزبی سیاسی**

پارتی (پارس، پارتیس، پارت بە مانای بەش، دەور و هێل) یەکبوون و لەیەک نزیکبوونەوەیەکی کەسانی سیاسی هاو بیر و هاو ئامانج، کە بە لایەنی هەرە هەرە زۆرەوە روانگەیان یەک بگرێتەوە و لە چوارچیوەی ولاتێک یان ناوچەیەکدا کارو هەلسووڕانیان هەبێ.

بە پێی وتەکانی وینکلر لە سالی 2002، حزب " کۆمەلە کەسانێکی هاوبیر و هاومانان، کە خۆیان لە فۆرمی رێکخراوی جیاوازدا دەبینەوە بۆ بەشداری کردن لە دروستکردنی بیری سیاسی هاوبەش، پاشان تێدەکۆشن بۆ جێ بەجێ کردنی و دیاریکردنی پۆزسیۆنی سیاسی خۆیان بۆ بە سەرئەنجام گەیاندنی ئامانجی هاوبەش.

بەندی 2ی بەشی یەکی قانوونی حزبەکان لە ئالمان ئاوا باس لە حزب دەکات:
" حزبەکان یەکگرتنێکن لە هاوولاتیان، کە بەردەوام یان بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ سەراسەری ئالمان یان ئەیالەتەکان ویستی سیاسی خۆیان رێک بخەن و کارتێکردنیان هەبێ و نوێنەرایەتی خەلک بکەن لە پارلەمانی ئالمان یان پارلەمانی ئەیالەتەکان، بە چەشنێک وێنەی گشتیان و کار و ئاکاریان پاش دامەزراندن و جێ پێ قایم کردن و رێکخستن، بە پێی ژمارەی ئەندامەکانیان و بە پێی دەرکەوتنیان لە راگەیاندنەکانی گشتی و لە ناوخەلکدا ئەرخاینەییەکی تەواو و جیددیبوونیکی بۆ جێ بە جێ کردنی ئامانجەکانیان بخەنە روو. ئەندامانی هەر حزبێک تەنیا دەتوانن کەسانی سروشتی بن.

لە هەر کام لە ولاتەکانی رۆژئاوا، بە پێی قانوون هەموو لایەنەکانی حقوقی، سیاسی و ئیداری و کۆمەلایەتی حزب روون کراوەتەوە و ئەرک و کارەکانی حزب دیاری کراوە و حەد و حدود، روون کراوەتەوە و هەموو شت دەبێ لە بەرانبەر قانوون و دەزگاکانی پەیوەندیداری حکومەتیدا دیار بێت.
هەر وەک لە ناوی قانوونەکان را دەردەکەوێت ئیزن بە حزبی سیاسی دەدرێت و هیچ حزبێک کە مەبەست و ئامانجی ناسیاسی هەبێ، یان دژی ئینسانی دیکە بە رەنگ و رەگەز و ئایین و تایبەتمەندی دیکەوە بێ، دژ بە قانوون دەناسرێ و پێش بە کارو چالاکیەکانی دەگیرێ.

**کۆنترین حزبەکانی سیاسی**

رەنگە حزبی دێموکرات لە ولاتی فەرانسە کۆنترین حزبی جیهان بێ. ئەو حزبە پاش ئەوەی ولاتی فەرانسە 5 حکومەتی کۆماری، بێ ئەژمار حکومەتی سەلتەنەتی و یەک دیکتاتۆری و یەک "حکومەتی کۆمۆنی" و یەک حکومەتی دیکتاتۆری فاشیستی بە خۆیەوە بینی، لە سالی 1789 واتە 219 سال بەر لە ئەمرۆ پێک هات.

مێژووی حزبایەتی و دێموکراسی لە ولاتانی رۆژئاوا تەواو جیاوازە. لە کاتێکدا لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا حکومەتی دێموکراتیک و حکومەتی قانوون و حزبایەتی چەسپابوو، لە ولاتی ئالمان دەستەلاتی ئایینی ئیمپراتوری رۆمی، تازە هەلدەوەشاوە و نەتەوەی ئالمان لە بەر یەک دە ترازا و ولاتی ئالمان بە سەر چەند حکومەتی ناوچەیی سەلتەنەتی وهێرتسۆگی و ملکداریەتیدا دابەش دەکرا. نەتەوەی یەکگرتوو و دەولەتی یەکگرتووی ئالمان، سالی 1884 پێک هات و حزبایەتی لە کۆبوونەوەی کلیسایەکی شاری فرانکفۆرتەوە دەستی پێکرد.

**مێژوو:**

پێک هاتنی کۆروکۆمەل بە شێوەی نوێ دەگەرێتەوە بۆ سەدەی 19 کە ئەویش پەیوەندی راستەوخۆی بە سەنعەت و شۆرشی سەنعەتییەوە هەیە کە کۆمەلگای لە بواری فکری و ئەدەبی و هونەریشەوە دوچاری ئالۆگۆر کرد و تاکە کەس (ئیندیویدیۆم) جێگای خۆی لە کۆمەلگادا پەیدا کرد و مافی تاکە کەس، ویست و بۆچوونەکانی، قانوونی کران و تاکە کەس ئەو مافەی پەیدا کرد بۆ گەیشتن بە مافەکانی و دەربرینی بیر وهزر و بۆچوونەکانی دەزگا و رێکخراوی خۆی لە گەل هاوفکرەکانی بۆ ئامانجی هاوبەش دابمەزرێنێ و لەو رێگایەوە بەشدار بێ لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و کەسانی تر. لە هەمان کاتدا دروستبوونی ناوەندی کاری مەزن وەک کارخانە کە جێگای کۆبوونەوەی سەدان و هەزاران کەس بوو، بوو بە هۆی ئەوەی کاری هاوبەش، سەختلەتی هاوبەش، داواکاری هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش، داخوازی هاوبەش بێنێتە پێش و بنەمایەک بێت بۆ دروستکردنی دەزگای هاوبەش بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش. من لێرەدا ئاورێکی کورت لە چۆنیەتی دروستکردنی رێکخراوەکان لە رۆژئاوا بە تایبەت لە ئالمان دەدەمەوە، تەنیا بۆ ئەوەی بزانین "پێشینیانی ئێمە و ئێرانیەکان" چییان هێناوەتە ناو ولاتەکەمان و سرنجیان بۆ کام لا رۆیشتووە. ئایا

بیریان لە مێژوو و فەرهەنگ و پرۆسەی کۆمەڵایەتی خەڵکەکەی ئێمە و بونیادەکانی ئیقتیسادی و سەنعەتی و زانستی وڵاتەکەی ئێمە کردبووە یان نا؟ ئایا بیریان لە لایەنەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و پرۆسەی ئیقتیسادی و فکری ناو وڵاتەکەی ئێمە کردبووە؟

**مێژووی رێکخستنەکانی کرێکاری لە ئاڵمان**

کێشەی کرێکاری هەروەها تێکۆشانی کرێکاری هۆکاری سەرەکی بووە بۆ رێکخستن لە نێوان کرێکاران، کە بووتە بنگەهی فکری بۆ دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و یەکیەتی نێوان کرێکاران، کە پاشان "یەکیەتی و سەندیکا"ی کرێکاری لێ کەوتووتەوە.
رەنگە یەکەمین مانگرتنی کرێکاری ئەو مانگرتنە بێ کە کرێکارانی کارگە دەستییەکان واتە(کارگای تووانەوەی مس) لە ساڵی 1329 دەستیان پێکرد. ئەوان لە شاری براسلاو[Breslau ] لە وڵاتی ئاڵمان مانیان لە کارکردن گرت.
هەروەها مانگرتنی کرێکارانی کارگای خەیاتی (جل و بەرگ ) لە شاری کۆنستانتس [Konstanz]ساڵی 1389 و مانگرتنی کرێکارانی کانەکان لە ناوچەی [ Altenberg] لە ساڵی 1469 و هەمیسان راپەڕینی وێبر[ Weber ] لە ساڵی 1844 ئەو ریزە مانگرتنانەن کە رێخۆشکەر بوون بۆ دروستکردنی رێکخراوی پیشەیی و کرێکاری کە سەرەکیترین یەکگرتنەکانی کریکاری سەردەمی خۆیان بوون.
ساڵی 1848 کرێکارانی تاباک (تووتن) لە شاری برلین "رێکخراوی کرێکارانی جگەرەی ئاڵمانیان پێک هێنا، کە زۆر زوو لە 40 شاری دیکەی ئاڵمان لقی لێ دروست بوو. کۆمەڵەی گشتی کرێکارانی جگەرەی ئاڵمان ساڵی 1865 لە شاری لایپزیکLeipzig پێک هات. دامەزرێنەر و سەرکردەی ئەم کۆمەڵەیە فریدریش ویلیام فریچە بوو.
Friedrich Wilhelm Fritzsche، ئەوە یەکەمین رێکخراوی کرێکاری لە چەشنی یەکیەتی کارگەران لە ئاڵمان بوو. ئەم کۆمەڵەیە بوو بە وێنە بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی هاوچەشنی کرێکاریی.

**مێژووی سازکردنی کۆڕ و کۆمەڵ لە ئوروپا**

لە ئاڵمان هەتا ساڵی 1848 یەک گرتن و سازکردنی کۆڕ وکۆمەڵی سیاسی بە پێی قانوون قەدەغە بوو. دروستکردنی هەر چەشنە کۆڕ وکۆمەڵی خەڵکی و جەماوەریی دەبوو بە ئیزنی ئیدارەکانی میری بێت و بێ ئیزنی ئەوان نەدەکرا.
لە 27ی دیسەمبەری ساڵی 1848 بە پێی قانوونی بنەرەتی رایش، لە سەر بنەمای مافی بنچینەیی خەڵک، دروست کردن و پێک هێنانی کۆمەڵەی جەماوەریی و یەکگرتن ئازاد کرا و هەر کۆمەڵە کەسێک مافی سازکردنی کۆڕوکۆمەڵی خۆیان پێ بەخشرا.

بەڵام ئەو قانوونە لە پراکتیکدا جێ بە جێ نەدەکرا و لە لایەن حکومەت و دەستەڵاتەکانی ناوچەییەوە بەربەرەکانی لە گەڵدا دەکرا و پێشی پێ دەگیرا و تەنانەت نەیاندەهێشت "قانوونی بنەرەتی یەکیەتی ئاڵمانییەکان" بڵاوبکرێتەوە و بکەوێتە بەر دەستی خەڵک. ئەوە هەمان قانوونە کە هەموو حکومەتەکانی ناوچەیی سەربەخۆی ئاڵمانی زمانەکان لە یەک گرێ دەداو و بنەمای حکومەتی یەکگرتووی ئاڵمان پێک دەهێنێ.

هەر لە مانگی ئاگۆستی ساڵی 1851 ەوە کاتالۆگی "مافەکانی بنەڕەتی" کە مافی سازکردنی کۆڕ وکۆمەلیشی دەگرتەوە، لە لایەن بەشداربووانی کۆبوونەوەی سەراسەری ئاڵمانەوە بە شێوەی رەسمی پێشی پێ گیرا و دوابەدوا لە رۆژی 13 یولی ساڵی 1854 توندتر لە پێشوو، بەربەست بۆ جێ بەجێ کردنی داندرا.

لە هەمان کاتدا ئەوە گوترا بە گوێرەی قانوونی تایبەت دەکرێ کۆڕ وکۆمەڵ سازبکرێ هەر بۆیە لە 11 مانگی مارسی ساڵی 1850 لە پرۆیس(Preuß)، لە 26ی مانگی فیبریوری ساڵی 1850 لە ئیالەتی بایرنBayern ، لە 22ی مانگی نوامبری ساڵی 1850 لە ئیالەتی ورتێنبێرگWürttemberg ،لە 2ی مانگی ئاپریلی ساڵی 1848 لە بادن Baden و لە 2ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1850 لە ئیالەتی هێسن Hessen قانوونی تایبەت بە بەستنی کۆڕوکۆمەڵ پەسەند کراو رێگایان خۆش کرد بۆ دروستکردنی کۆڕ وکۆمەڵ. بوونی چەند جۆر قانوون لە ئەیالەتەکانی ئاڵمان بۆ یەک مەبەست، ئەوە دەردەخات کە جیاوازی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و حکومەتی راستەوخۆ کارتێکردنی لە سەر بوون و نەبوونی ئازاییەکانی تاکەکەسیدا هەبووە.

دروستکردنی کۆڕوکۆمەڵ بە شێوەی مۆدێرن پەیوەندی راستەوخۆی بە سەنعەتیکردنی کۆمەڵگاکەوە هەیە و گرێدراوی ئەو رەوتە سەنعەتییەیە کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە گەڵ خۆیدا هێنا. هەر لە سەرەتاکانی سەدەی 19ەوە ئەژمارێکی زۆر کۆڕ وکۆمەڵ ساز کران و پێک هاێندران کە بەرهەمی ئەو رەوتە نوێیەی کۆمەڵایەتی بوون.

قانوونی ئاڵمان بەو شێوەیە ئەو مافە بە رەسمی دەناسێ و ئاوا باسی دەکات:

"دروست کردنی کۆڕ وکۆمەڵ بۆ ئامانجی هاوبەش، مافی هەر هاووڵاتییەکە. هەر کۆمەڵە کەسێک ئازادی دروستکردنی کۆڕوکۆمەڵ و مافی یەکگرتن و هەروەها ئازادی کۆبوونەوەیان هەیە. کە هەمووی ئەوانە وەک مافی تاکە کەس پێناسە دەکرێ و ئازادی تاکە کەس دەگەیێنێ."

**بریتانیا**

لە بریتانیا لە سەردەمی سەرهەڵدانی پارلەمانەوە، دروست کردنی کۆڕ وکۆمەڵ و رێکخراوی سیاسی هاسان دەهاتە بەرچاو، بە تایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەو چەشنە رێکخراوانە دروست دەکران و خۆنووادنیان بەرچاوتر دەبوو.
یەکەمین حزبی سیاسی کە بکرێ وەک حزب سەیر بکرێ ئەو گروپانە بوون کە بە ناوی Tory ناودەبران، کە بە محافزەکار دەناسران و لە پارلەمان لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی و کلیسا بوون، گروپی دووهەم بە Whigs دەناسران.
ئەو دوو گروپە سەردەمێکی زۆر بە یەکەوە بوون و لە ساڵی 1690-1695 تاقە حیزبی پارلەمانی بریتانیایان پێک دەهێنا. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ کاری سیاسی حزبی لە بریتانیا. پاشان ئاڵوگۆری بە سەر ئەو حزبەدا هات و خەت و رەبتی سیاسی زۆرتر لە جاران لە حزبەکاندا چەسپا.
حزبەکانی ئینگلستان پاش ساڵانی 1830 زیاتر شێوەی بە تەواو حزبیان پەیدا کرد و دەوری سیاسیان دەگێرا. کە خۆی لە پێک هێنانی ئۆپۆزسیۆن لە بەرانبەر دەوڵەت و دەستەڵاتدا نیشان دەدا. ستروکتوری حزبی لە ناوچە و مەڵبەندەکان و لە سەر ئاستی نەتەوەیش پێک هات و حزبەکان چارت و ساختاری حزبیان پەیدا کرد و لێرە بەدواوە کەسایەتی و کارێکتێری حزبی بوو بە پێناسەی سیاسەت و کاری سیاسی حزبەکان.
سکرتاریاتی حزب و سکرێتێری حزب (کە لە ناو حزبەکانی لای خۆشمان بە تایبەت لە باشور و ڕۆژهەڵات بۆ رابەر و رابەرایەتی حزبەکانیان کەڵکیان لێ وەردەگرت و ئێستاش کەڵکی لێ وەردەگرن) دەگەرێتەوە بۆ سۆسیال دەموکراسی بریتانیا وئاڵمان کە نۆرمی حزبییان بەو چەشنە بووە و پاشان ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە (بەڵام لای خۆمان هەر وەک خۆی ماوەتەوە).(ئیسکلوپیدیای ئازاد بە زمانی ئاڵمانی)

**ئاڵمانی یەکگرتوو و هێڵیکانی سیاسی**

لە میانەی شۆرشی مانگی مارسی ساڵی 1849/1848 یەکەمین گروپی سیاسی لە کاتێکدا پێک هات کە وڵاتی ئاڵمان بە سەر ناوچەکانی سەربەخۆ وەک حکومەتی سەڵتەنەتی پرۆیس، ئوتریش، بایرن، ورتەمبەرگ وساکسن دابەش کرابوو.کۆبوونەوەی نەتەوەیی ئاڵمان بۆ پێک هێنانی وڵاتی یەکگرتووی ئاڵمان بە بەشداری لایەنەکانی سیاسی و فکری لە پاول کیرشە(کلیسای پاول)ی شاری فرانکفورت پێک هات، لەو کۆبوونەوەیەدا بریاری یەک گرتنی ئەیالەتەکانی ئاڵمان و دارشتنی قانوونی بنەرەتی هاوبەشی یەک گرتووی ئاڵمان و دروستکردنی حکومەتی یەکگرتووی ئاڵمانیان دەرکرا.



کۆبوونەوەی نەتەوەیی ساڵی 49/1848 پاول کیرشە فرانکفورت

هەموو ئەو گروپە سیاسی و فکرییانەی کە لە کۆبوونەوەی نەتەوەیی لە کلیسای پاول لە شاری فرانکفورت بەشدار بوون و هێڵی سیاسی جیاوازیان پێک دەهێنا، ناوی خۆیان لەو هوتێل و موسافرخانانەوە وەرگرتبوو کە تێدا ئۆتراغیان کردبوو، ئەوان هەر لەو شوێنانە گفت وگۆیان لە سەر پەیرەو و پروگرامی خۆیان دەکرد.
ئەم گروپانە بە سەر سێ دەستەدا دابەش دەکران: دێموکراتەکانی چەپ کە بە شێوەیەکی رادیکاڵ دروستکردنی وڵاتیکی کۆماریان بە رێگاچارە دەزانی، ئەوانە لە سێ فراکسیونی (Donnersberg, „Deutscher Hof", و „Nürnberger Hof) پێک هاتبوون، ئەو ناوانەش کە لە سەر خۆیان دانابوو ، ناوی هوتێلی جیگای حاوانەوەیان بوو.
فراکسیۆنی هاوبەشی لیبرالەکانی ناوەندیی و چەپ و راست، ناوەندییەکان لەو فراکسیۆنانە پێک هاتبوون: „Württemberger Hof", „Casino", Pariser Hof", die eine konstitutionelle Monarchie"), ، هێڵی محافزەکارەکانی راست کە لە گەڵ شاپەرستەکان هاوپەیمان بوون کە نوێنەرایەتیان لە ژێر ناوی „ Café Milani"دابوو.

هەر لەو ساڵەدا 1848 و لە مانگی فیبریواری کارل مارکس و فریدریش ئێنگلس بۆ پێکهێنانی یەکیەتی کۆمۆنیستەکان، مانیفیستی حزبی کۆمۆنیستیان بڵاوکردەوە، و جاڕی ناونەتەوەییان دەرکرد بۆ خەباتی چینی کرێکار (پرۆلتاریا) دژی بورژوازی، ئەم مانیفیستە بوو بە بنەمایی فکری سۆسیالیستەکان و حزبەکانی کۆمۆنیست.

**سۆسیال دێموکراتەکانی کۆن**

سۆسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان خۆیان بە کۆنترین حزبی ئاڵمان دەزانن و لە مێژوویی حزبەکەیاندا ئاوا باس لە خۆیان دەکەن:

"حزبی سۆسیال دێموکرات بە تجروبەترین حزبی ئاڵمانە. زیاتر لە 140 ساڵە بۆ ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشێ. هیچ حزبێکی دیکە جگە لە سۆسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان هێندەی حزبی ئێمە بۆ دێموکراسی و پێشکەوتن هەڵنەسووڕاوە. رەگ و ریشەی حزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان دەگاتەوە شۆرشی ساڵی 1848."

هەروەک پێشتریش باس کرا هەموو حزبەکانی ئاڵمان رابوردوی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ شۆرشی ئەو ساڵە و کۆبوونەوی کلیسای پاول لە فرانکفورت کە هەموو لایەنەکانی سیاسی ئەو سەردەمە تێدا بەشدار بوون کە لە فراکسیۆن و بیری سیاسی جیا پێک هاتبوون.

**کۆنترین حزبی ئاڵمان"حزبی ناوەند"**

یەکێکی تر لەو حزبانەی کە خۆی بە کۆنتریین حزبی ئاڵمان دەزانێ و هەر ئێستاش چالاکی سیاسییان هەیە، حزبێک بە ناوی حزبی ناوەند یان "Zentrum". ئەوانە ساڵی 1870 دامەزراون و بیری سەرەکیان لە ناسیۆنالیسمی ئاڵمانی و ئایینی مەسیحی پێک هاتووە. دروشمی سەرەکیان بە پێی فکری مەسیحییەت یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتییە.

لێرەدا بۆ ئەوەی لە گەڵستروکتوری حزبایەتی لە ئوروپا زۆرتر ئاشنا بین ئاوڕێک لە لایەنەکانی تەشکیلاتی حزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان و حزبی ناوەند دەدینەوە وەک کۆنترین حزب لە ئاڵمان و حزبی سەوزەکان وەک حزبێکی تازەی سەردەمی نوێ. حزبی سوسیال دێموکرات زۆرجاران حزبی دەستەڵاتدار بووە و حزبی سەوزەکانیش لە دوو دەورەدا لە گەڵ سوسیال دێموکراتەکان لە دەستەڵاتدا بووە، حزبی ناوەند کە کۆنترین حزبی ئاڵمانە هیچ کارتیکردنێکی لە ژیانی سیاسی خەڵکی ئاڵماندا نییە و هیچکات ئەو رێژەییەی نەهێناوەتەوە کە بکەوێتە پارلەمان.

**سیستمی حزبی سوسیال دێموکراتەکان و چارتی تەشکیلاتیان**

سیستمی حزبی سوسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان و بگرە وڵاتانی تری رۆژئاوا کە ئێنترناسیۆناڵی سوسیالیستەکان یان سوسیال دێموکراتەکان پێک دەهێنن، سیستمێکی سەردەمیانەیە کە رەنگدانەوەی بیر وهزری کاری حزبی ئەو سەردەمەیە.
لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و فەرهەنگی ئینسانی ئەو سەردەمە و پێشکەوتنەکانی سەنعەتی و عیلمی و تێکەڵاوی جیهانی (گلوبال) و ئیمکاناتی سیستمەکانی کۆمۆنیکاسیۆن،ژیانێکی سیاسی سەردەمیانە دەخوازێ.

باوەڕی سیاسی ئینسانی ئەو سەردەمە و حزبەکانی سیاسی رەنگدانەوەی ئەو جیهانە نوێیە. سەردەمێک کە سیاسەت و سیاست کردن بە تەواوەتی گرێدراوی بەرژەوەندی ئابوریی سەرمایەداران و مولتی میلیادێرەکانی جیهانە.
56 بنەماڵە لە هەموو جیهان دەستەڵاتیان بە سەر 95 لە سەدی سەروت و سامان و داهاتی ئەو جیهانەدا گرتووە.
ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە کلیسا و واتیکان لە بنەمای باوەڕەکانی ئایینی مەسیحی پاشەگەزدەبنەوە و بازار و سەرمایە وبەرژەوەندییەکانی کۆنسێرنەکان کە کلیساش هاودەست و شەریکیانە، دیاری دەکەن کە مەسیحی سەدەی 21 چ چەشنە مەسێحێک و چ چەشنە ئایینێک بێت. ئەمرۆ کلیساکان و کێشیشەکان پیاو لە پیاو و ژن لە ژن مارەدەکەن،

دژایەتیش لە گەڵ لە باربردنی منداڵ ناکەن و لە هێندێک لە وڵاتەکانیش لە حاند کۆپیکردنی ئینسان و دەستێوەردان کرۆمۆزۆمەکانی"ژێن" بۆ دروستکردنی منداڵی سفارەشی، قورو وقەپیان کردوە و هیچ دژایەتییەک ناکەن. ئەمەش بە تەواوەتی لە بنەڕەتا ناتەبایە لە گەڵ بیری مەسیح.

کارەساتەکانی ئینسانی و سروشتی و شەڕ و هەژاری و نەخۆشی، هەمووی نیشانەگەلی سەردەمێکن کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە بیروباویری ئینسانیدا پێک دەهێنێ، ئەم ئاڵوگۆڕیانە تێروانینی سیاسی ئینسان و حزبەکانیشی دوچاری گۆڕان کردوە. حزب و سیاسەت و سیاسەتمەدار ی سەدەکانی 19 و کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بوونیان نەماوە. هۆمانیسم و عەداڵەتی کۆمەڵایاتی و یەکسانی و ئەخلاقی سیاسی و باوەڕەکانی قورس وقایمی ئایینی، سوسیالیستی و کۆمۆنیستی لە سیاسەتدا کەم رەنگ بوون و بگرە لە سیاسەتدا سڕڕاونەوە. پارێزگاری لە مافی چین و توێژ و تاکەکانی کۆمەڵگا، کە بە زەرەرمەندی سیستمی سەرمایەداری دەناسران، لە خەت و بەرنامەی حزبە چەپەکان و باوەڕمەندانی ئایینی دا کەمتر بووتەوە. ئەمرۆ حزبەکان بەرژەوەدنی ئەو دەستە و تاقم و گروپانە دەپارێزن کە گرێدراوی حزبەکانن، یان هاومامەڵەی ئەوانن.

هەر بۆیە لە ماوەی 20 ساڵی رابووردودا گەندەڵی لە ناو حزبەکان و بەهەمان شێوە گەندەلی دەوڵەتی پەرەی ساندووە و کەمترین بەربەستی ئەخلاقی و ئیدئۆلۆژیک بۆ پێشگرتن لە گەندەڵی هەیە. لە لایەن ئەو حزبانەوە بە چەپ و راست و ئایینی و لاییک و ژینگەپارێزەوە کەمترین بەرهەڵستکاری هەیە بۆ کەم کردنەوەی ئەو چەشنە گەندەڵکارییانە.
بە کورتی حزبایەتی چەشنێک بازرگانییە و بازرگانەکان سیاستمەدارەکانن و حزبەکانیش شیرکەت و شەریکەی "سهامدار"ەکانن. هەر بۆیە ساختاری تەشکیلاتی و رێکخستن و راگەیاندنی ئەو حزبانە لە گەڵ فۆرمۆلەکان و قانوونی تیجاری و تەبلیغاتی تیجاریدا زۆرتر هاورەنگ و هاوئاهەنگ و هاودەنگە، هەتا فۆرمەکانی حزبی سەردەمی مافخوازی حزبەکان لە دەستپێکی سەدەی بیست هەتا کۆتایی هەستاکان.
لایەنێکی دیکە حزبایەتی لەمرۆدا ئەنترناسیۆنالی بوون و جیهانی بیرکردنەوە و جیهانی سیاسەتکردنە، لەو بەستێنەدا مافی مرۆڤ و میللەتان دەکەوێتە ئەو معادلەیەوە، گەر بە سوودیان بێت پشتیوانی لەو مافانە دەکەن، کە بە سوودشیان نەبێ پشتی تێدەکەن و بێ دەنگەی لێ دەهێنن، لە سەر هەمان بەیس و بنەوان پشتیوانی لە دیکتاتۆر و دێموکرات و پاوانخواز و دموکراسی خواز کراوە و دەکرێ. مافی مرۆڤ و هەرمافێکی دیکەی ئینسانی گرێدراوی ئەو بەرژەوەندییە. هەر بۆیە پرسیاری سەرەکی خەڵک لەو حزبانە ئەوەیە کە چ جیاوازییەک لە نیوان سوسیال دێموکرات، دێموکرات مەسیحی و سەوزەکاندا هەیە؟ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سیستمی حزبی و رێکخراوی ئەو گروپە سیاسیە جیاوازانە زۆرتر بناسین ئاورێک لە سیستمی رێکخراوەی ئەمرۆی ئەو حزبانە دەدەمەوە و پاشان دەگەرێینەوە بۆ کوردستان وبۆ لای حزبەکانی خۆمان.

**درێژەی هەیە...**